HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

ئافرەتبوون پرسێکی قووڵ

د.ڤیان سلێمان

ئافرەتان لە زۆرینەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا ڕووبەڕوون لەگەڵ کێشەی جۆراوجۆر، ڕادە و ڕێژەکەی بەپێی کولتور و نەریتی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دەسەڵاتداری وڵاتان جیاوازە بەڵام کرۆکی تەواوی پرسەکە یەکە کە پاشماوەی یەک سیستەمی کۆمەڵایەتی- سیاسی و یەک جۆری بیرکردنەوەیە، ئەم بارە بنچینەیەکی مێژوویی دوورودرێژی هەیە کە سەرچاوەی لە سیماو جیاوازییە فیسیۆلۆجییەکانی نێوان هەردوو تاکی مرۆڤ وەرگرتووە و دواتر سیستەمی کۆمەڵایەتی- سیاسی، لە چوارچێوەی کۆمەڵە قاڵب و فۆرم و بەها ڕێکی خستوون و ڕەوایەتی پێداوە. دوای شۆڕشی کشتوکاڵی و وردە وردە جێگیربوونی مرۆڤەکان لە گوند و شار و شکڵگرتنی خێزان و بەها و جۆری پەیوەندە کەسییەکانی ناو خێزان هاوکات لە گەل سیستەمی فەرمانڕەوایی، ڕەگەزی نێری مرۆڤ بوو بە چەقی کۆمەڵگا و تەواوی چەمک، ئۆرگان و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لە ڕوانگەی ئەو پێناسە و لە بەرژەوەندی ئەو دارێژران. بەم شێوەیە لە کۆمەڵگە، هزری پیاوسالاری باڵادەست کراو و پیاو بوو بە خاوەن بڕیار و چەقی گرنگیدان، هەربۆیە تا ئێستا پیاو دەسەڵاتێکی ڕەهای لە دەروون و هزر و وێناکردنی تاکەکاندا هەیە، بەو شێوەیەش پیاوبوون ڕووبەڕوو نابێتەوە لەگەڵ ئاستەنگ و ڕێگرییە کولتوری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. پیاو بوون وەک کێشەیەک وێنا ناکرێ و نابینرێ؛ ڕێک پێچەوانەی ئافرەتبوون کە کراوە بە کێشەیەکی قوڵی ڕەگداکوتراوی فرەڕەهەند، کێشەیەک وەک کێشەی نەتەوەیەکی داگیرکراوی ژێردەستەی نەتەوەیەکی باڵادەست.

پاڵپشت بەو دەسەڵاتە ڕەهایە پیاو هەرچی تایبەتمەندی باش و کارایی و هێز هەیە داویەتە پاڵ خۆی و پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیانەش بە ئافرەت، ئەوە پیاوە کە پێناسەی بۆ ڕۆڵی خۆی و ئەرکی پیاوبوون کردووە و ئەوە پیاویشە کە ئەرک و ڕۆڵی بۆ ئافرەت دیاری کردووە و وێنای ئافرەتبوونی کردووە، ئەمەش کرۆکی کێشەکانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەیە، لەبەرئەوەی ڕەگەزێک ناتوانێت گوزارشت لە ڕەگەزەکەی دیکە بکا و لە جیاتی ئەو بیربکاتەوە و ڕۆڵی بۆ دیاری بکات و بڕیاری بدات، هەربۆیە سەرەڕای گۆڕانکارییەکان و هاتنەمەیدانی ئافرەت، هزری پیاوسالاری دەسەڵات و هێزی خۆی لە دەست نەداوە، بەشیوەیەک ئافرەت وەک مرۆڤێکی هەژمون لەسەری کولتوری پیاوسالاری دەبینرێ.

ئەگەر لێرەدا باس لە ئافرەتبوون لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەین؛ دەبینین تا ئێستاش کۆمەڵێ ڕێسای توندی پیاوسالاری تەحەکوم بە بوون و ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت دەکەن. ئافرەتە لە ناو خێزان زاتی ئیرادە ناکات، مافی بڕیاری لێ سەندراوەتەو موڵکی باوک، برا و هاسەرە. دەچەوسێنرێتەوە و توندوتیژی بەرامبەری دەکرێت وەک هاسەر و کچ، و زۆرترین ئاستەنگ و بەربەستیش لە ڕێگەی کار و هەنگاوەکانی دادەنرێت، هەربۆیە ڕێگای ئافرەت بۆ ئازادی مرۆڤبوون تژییە بە چەندین ڕێگری و لە هەموو ڕێگرییەکانیش دژوارتر، پێناسەی شوناسی ئافرەتە لە ڕوانگەی جەستەکەیەوە نەک مرۆڤبوونی؛ هەروەها گرێدراوی و بەندێتی ئافرەتە بە چەمکی موڵک نەک هاوبەش و پارڤەکەری ژیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگا . لەهەمانکاتیش ئەگەر لێرەدا هەڵوەستەیەک لەسەر ئامارەکانی بەدەنگهاتنی ئافرەتان لە ئاست توندوتیژییە خێزانییەکان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداری ئافرەت لە کایە جیاجیاکان، چالاکی ئافرەتان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاریگەری کاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە دروستبوونی هۆشیاری دەربارەی مافەکانی ئافرەت و یەکسانی جێندەری بکەین؛ بە شانازییەوە دەڵێین، ئافرەتی کوردستانی ئەو وێنایەی قبوڵ نییە کە سیستەمی پیاوسالاری بۆی کێشاوە و ڕادەستی قەدەری پلە دوویی نەبووە و هاتۆتە گۆڕەپانی تێکۆشان و خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

ئێمەی ئافرەتی کوردستانی ڕێگایەکی دوورودرێژمان لە پێشە و پێویستە وەک ئافرەت یەکدەنگ بین لە پشتگیری یەکتر و بردنە پێشی پرسەکەمان، لە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێگرییە کولتوری و کۆمەڵایەتیانەی کە مێنتاڵیەتی پیاوسالاری لە پێشی داناوین، لە سازش نەکردن لە مافە بەدەستهاتووەکان و کۆششی بەردەوام بۆ گەیشتن بە تەواوی مافە گەردوونییەکان، مکوڕ بین لە ڕەتکردنەوەی ئەو شوناسەی کە هزر و حەز و پێگەیشتنی پیاو بۆی دیاریکردووین و لە شکۆی مرۆڤبوونی خستووین، بە ڕۆحی ئافرتانە و دایکانە و هزری ڕۆشن بۆ گێڕانەوەی پێگەی ڕەسانەیەتی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیمان تێ بکۆشین وەک مرۆڤێکی ئازاد و سەبەست. تێگەیشتنێکی قووڵترمان بۆ پرسەکەمان و بۆ کێشەکانمان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر وەک دوو ڕەگەزی سروشت جیاواز بەڵام لە هەمانکات هاوبەش و تەواوکەری یەکتر هەبێت، بتوانین ئەو ڕاستییە بگشتێنین کە پرسی ئافرەت پرسێکی سیاسی — کۆمەڵایەتییە واتە دەبێتە پرسی پیاو و کۆمەڵگەش، دیدێکی ڕوونترمان بۆ چەمکی یەکسانی و جیاوازی هەبێت، چۆن کار بکەین بۆئەوەی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لە ماف و دەسکەوت و ئەرک و بەرپرسیاریەتی یەکسان بین و بە جیاوازییە سروشتییەکانمان وەک ئافرەت شانازی بکەین و شوناسی ژن بوونمان بپارێزین. چۆن چەمکە شێواوەکان و پەیوەندییە هەرەمییەکان سەر لە نوێ پێناسە و دارێژین.

هەموو ئەمانە و کۆمەڵێ چەمک و پرسی دیکە پێویستیان بە پێناسەکردنەوە و تیۆریزەکردن هەیە، خەبات و تێکۆشانمان وەک ئافرەتی کوردستانی پێویستی بە بنەمایەکی تیۆرییە کە سەرچاوەکەی ناسینی خودی کێشەکانی ئافرەتی کوردستان بێ، بۆ ئەو مەبەستە کاری رژد و هەنگاوی بوێرانەمان لە پێشە.

مهاباد حسێن: من یەکەم ئافرەتی کوردم کە ناوبژیوانی تایکواندۆم

مهاباد حسێن کەریم دەرچوی کولیژی پەروەردەی وەرزشی و جێگری یانەی وەرزشی سەرچنارە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرلەمنداڵییەوە خولیای وەرزش بووە وهەر لەسەرەتای لەقوتابخانەوە دەستیپێکردوە و هەتا قۆناغی کۆتایی ئامادەیش بەردەوام بووە لەگۆڕەپان و مەیدان بەهەموو یاریەکانیەوە، پاشان بووە بەیاریزانی تایکواندۆ تا لەپشتێنی ڕەشی دوودانەی بریوە و لە تایکواندۆ یەکەم ئافرەت بووە لەهەرێمی کوردستان و دووەم ئافرەت لەسەر ئاستی عێراق کە پلەی ناوبژیوانی پێبدرێت و کاری پێبکات.

خاتوو مهاباد حسێن باس لە بەدەستهێنانی پلەی تەحکیمی لە موای تای دەکات و دەڵێت: بەلای منەوە ئاسان بوو چونکە ئەویش یەکێکە لەهونەرە جەنگیەکان زور حەرەکەو تەکنیکیان نزیک یەکترە لەیاریدا بەڵام هەرجیاوازی هەیە لەکاری ناوبژیوانیدا ماوەیەکی زۆرە دەستمکردوە بەیاریکردن پشت بەخوا ئەمەوێت ببم بە ڕاهێنەری کچان بەڵام پێش ڕاهێنەری دەورەی ناوبژیوانیم بینی و تەنها ئافرەت بووم کە بەشداربووم لەدەورەکە لەکۆی ٢٥ کوڕ، ئەم دەورەیە لەسلێمانی بەسەرپەرشتی لیژنەی ئۆڵۆمپی نیشتمانی عێراقی و ناوەندی یەکێتی موای تای عێراقی (تای بۆکسنگ) و لەژێر چاودێری بەڕێز پارێزگاری سلێمانی ئەنجامدرا.

سەبارەت بە ئاستی توانا و لێهاتوویی ئافرەتانی کورد لە وەرزش و بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا خاتوو مهاباد دەڵێت: بەڵی لەیارییە فەردییەکان لەشەترەنج توانراوە و هەندێک جاریش بۆئاستی یەکەمی نەخێرنەتوانراوە ئەو پلەیە بەدەست بهێنرێت بەڵام توانیویانە بەشداربن لەیارییە نێو دەوڵەتییەکان.

هەروەها خاتوو مهاباد حسێن ئاماژە بۆ ئەو ئامانجەی دەکات کە چەند ساڵێکە بۆتە خولیای مێشکی و دەڵێت خۆزگە بمتوانیایە وەک قوتابخانەیەک هەموو یارییە وەرزشییەکانی تیا جێبکەمەوە بۆئافرەتان و هەرلەتەمەنی منداڵییەوە بەخۆشەویستی بۆوەرزش گۆشم بکردنایە نەک تا تەمەنێک کە خۆیان ئەناسن بیر لەخۆیان ئەکەنەوە بۆ لەش ڕێک پەنا بەرن بۆ سەنتەرەکان.

هەرچەندە سەنتەری لەش جوانی هەیە بەڵام زور جار کێشە دروست ئەبێت بۆ ئافرەتان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە، من بۆ ماوەی١٢ ساڵ مامۆستای لەش جوانی بووم هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد خۆزگەپاڵپشتێکم هەبوایە بۆکردنەوەی سەنتەرێکی وەرزشی ئافرەتان بۆهەموویارییەکان بۆئەوەی بمتوانایەی خزمەتی ئافرەتانی کوردم لەو بوارەدا بە باشترین شێواز بکردایە.

هێلین میدیا - هەولێر

ژمارە (٣٣٦٣) ٢٠٢٠/١١/١

بۆچی ئافرەتان پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن؟

نازەنین عەزیز

تاوانی خۆکوشتن یا خۆسوتاندن جارناجارێ یاخود ماوە ماوە دەبێتە مانشێتی گەرمی هەواڵەکان وە بگرە لەتۆرە کۆمەڵایەتیەکان و سۆشیاڵ میدیاش گرنگیەکی زۆر بـــەو بابەتە ئەدرێ زۆرجار بکەری تاوانەکە وەک پاڵەوان پیشـــان ئەدرێ لە ڕاگەیاندنـــەکان و گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێ،لەهەرێمی کوردســـتان ئامارەکانی خۆکوشـــتنی یان خۆســـوتاندنی ئافرەتان ساڵ دوای ســـاڵ لەهەلکشانێکی پڕ مەترسی دایە.

پرســـیاری هەرە گرنـــگ لێرەدا ئەوەیـــە تاوانی خۆکـــوژی چیە؟هۆکارەکانی چین؟خۆکوژی لەدیدی یاساو شەریعەتەوە چۆن وێناکراوە؟

خۆکوشتن لەسادەترین پێناسەدا،بریتیە لە کردارێکی کوشندە کە مرۆڤێک بە ئەنقەست و بەویستی خۆی هەڵدەستێ بە کۆتایی هێنان بەژیانی خۆی جا بەهەر شـــێوازو وەسیلەییێک بێ،وەسیلەکانی خۆکوشتن زۆرو جۆراو جۆرن پیاوان زیاتر وەســـیلەکانی توندوتیژترو ترسناکتر لەوەسیلەکانی ئافرەتان بەکار دێنن بۆ خۆ کوژی لەوانە خۆهەڵواسین بەپەت و خۆهەڵدانە خوارەوە لەشوێنی بەرزو ترسناک یان بەکارهێنانی چەک بۆ ئەنجامدانـــی کردەوەکە بەڵام هەرچی ئافرەتانن زیاتر وەســـیلەی خۆ ژەهراوی کردن بەدەرمانەکان و خۆسوتاندن بەکاردێنن هەمو ئەو وســـیلانەی کە تاکەکان بەکاری دێنن بۆ خۆکوژی ئەمـــەش بەهۆی ئەوەی ئەم وەسیڵانە زۆرن و بەردەست و ئاسانترن لەوەسیلەکانی تر.

تاوانی کوشـــتن تاوانێکە لەزۆربەی کۆمەلگە مرۆییەکان بونی هەبوەو هەیە و بەردەوامیش دەبێ دەتوانم بڵێم تامرۆڤ و غەریزە شەڕانگێزییەکەی هەبێ تاوانی کوشتنیش بەردەوام دەبێ بۆیە بۆ ڕێگری لەزۆربونی تاوانەکە یاسا دانراوەو سزاش بۆ بکەری تاوانەکە دانراوە بەڵام خۆکوشـــتن ناچێتە ناو پرۆسێســـی یاساییەوە لەبەر ئەوەی هیچ دەقێکی یاســـایی نیە سزا بۆ ئەو کەسە دانرابێ کەهەڵدەستێ بەئەنجامدانـــی کردەوەی خۆکـــوژی دژ بەماف و گیانی خۆی لەڕوانگەی یاســـا خۆکوشتن بەتاوان دانانرێت.

بەگشـــتی ســـنوردار کردنی کردەوەی خۆکوژی ئەرکی کۆمەڵگەیە بەدەرەجە یەک.هۆکارەکانی خۆکوژی ئافرەتان یاخۆســـوتاندنی ئافرەتان زۆرو جۆراوجۆرن هەمو ئاراستە و بیروراکان باس لەوە دەکەن کە (کێشە کۆمەلایەتیەکان،پرۆسەی هاوســـەرگیری بەزۆر پێش تەمەنی یاسایی،خراپی پرۆسەی پەروەردەکردن لەناو خێـــزان، لەکەداربونی ناوبانگ و ســـومعەو کەرامەتی لەناو کۆمەڵگە، نەهاتنەدی ئامانجە جۆراو جۆرەکانی ژیان، تەداخولکردنی کەســـی ســـێیەم لە ناو خێزان، دابـــو نەریتی خراپی ناو کۆمەڵگە، نادادپـــەروەری، مەحروم بونی ئافرەت و کچ لەنـــاو خێزان و کۆمەڵگە،لەبەرچاو نەگرتنی ڕاوبۆچونی ئافرەت لەناو خێزان، بێ ئـــاگا بونی ئافرەت لەمافی خۆی، بێئومێد بون لەژیان، لەدەســـتدانی کەســـانی نزیک، نەخۆشـــی دەرونی رۆحی، بەهەند وەرگرتن وبەگرنگ باس کردنی لەلایەن ڕاگەیاندنـــەوە کەزۆربەی جـــار بکەرەکە وەک پالەوان پیشـــان ئەدرێ) ئەمانەو چەندیـــن هۆکارگەلێکی تر ڕێخۆشـــکەرن بۆ پەنابردنە بەر خۆکۆشـــتن لەلایەن ئافرەتەوە.

کردەوەی خۆکوشـــتن لەڕوانگـــەی ئایینەوەش نەهی لێکراوە بەپێی قســـەی شـــارەزایانی ئایینەوە کوشتن و خۆکوشـــتن تاوانێکی گەورەن لەریزی هاوبەش دانانە بۆخودا،خوای گەورە دەفەرموێـــت (ولا تلقوا بايديكم الى التهلكم)البقره ١٩٥

واتە:بەدەستی خۆتان خۆتان بەرەو تیاچون مەبەن.

هەروەها پێغەمبەرمان (د.خ)دەفەرموێت(مـــن قتل نفســـه بشـــيئ فى الدنيا عڑب به يوم القيامه)واتە:کەســـێک لەدونیا بەشتێک خۆی بکوژێ لەڕۆژی دوایی بەهەمان شت سزا دەدرێ.

بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجام و قەناعەتەی کە خۆکوشـــتن چارەسەر نیە بۆگشت ئەو کێشـــانەی کەدێنە بەردەم هەر کەسێک بگرە لەدەستدانی ئەو ژیانەو ژیانی دواییشە.

ژن ئینانا ژ ئێکێ پتر ژ

پێـــک ئینانا خێزانێ ئێک ژ ســـوننەتێن ژیانێ یە و ائینێ ئیســـلامێ دا هاتیە حەلال کرن کـــو زەلام هەتا چوار ژنا بینیـــت لێ چاوا و لســـەر چ بنیات بـــو وی ئەف چەندە یا درورســـتە؟ چەند شـــارەزا ژلایێ دەروونی و جڤاکی و ماموستایەک بڤی رەنگی بەحس ل بابەتی دکەن.

مەســـەلەکا دەروونی یـــە ودبیت جڤـــاک ژی کارتێکرنێ لێبکەت.لـــێ ئەگەر هـــات و زەلامی هەر ژنا دووێ ئینا ب بوچونامن هندی دشـــیاندابیت بلا لێک تێگەهشتن و بهێن

ماموستا ؛ لەیلا عەلی، دبێژیت:

ئەو زەلامێـــن نوکە ژنا دوێ دئینن هەموو ئەونینن یێن پێتڤـــی بەلکو پرانیا وان لدیـــف زەوقا خوەدئینن،هندەک ژی هەنـــە ب هیجەتا نەبونـــا زاروکا یان کێم زاروک هەنە دێ هزرا ژن ئینانا دوێ کەن دبیت هندەکا نژی ئاریشـــە دناڤبـــەرا واند هەنە وەک وەک ژن ومێر ئەڤجا دێ کەربێ ژ ئێـــک و راکەن و زەلام ژی دێ ب دەلیڤە بینیت ژنادوێ بینت و دراســـتی دا ئەز دگەل هندێ نیمە کو زەلام بخوە چوار ژنا حەلال بکەت د دەمەکی دا کونەشێت مافێ ئێکێ ژی بدرســـتی بدەتێ. لێ دیسان ژی دەما زەلام ژنا دوێ دئینیـــت نابیت بهێلیتە دئێک مالڤـــە چونکە ژن بخوە یا هەســـتیارە نەخا ســـمە یا ئێکێ کو دبینیت هەڤژینێ وێ لبەر چاڤێـــت وێ دگەل ژنەکا دیە مەیلاوی پتر بو یادوێ دچیت لڤی حالەتی دبیت ژنا ژنا ئێکێ پەنایی بو تولڤەکرن یان کەربەکا زێدەتر ببەت و پتر ئاریشـــە دروســـت بن و دگەل تولڤەکرنی ژی نینم .دیســـان ژبیرنەکەین کو هێشتا مە سیســـتەمی عەشایری مایە ئەڤجا دڤێت ژن لسەرخاترا ڤان تشتا تەحەمولێ ب عەقلانە دگەل ڤێ مەسەلێ بکەت و پەنایـــێ نەبەتە بەرخیانەتێ،ئەگـــەر زێدە حالەتێ وێ بەرتەنگاڤ بویە بلا داخوازا جودابونێ بکەت کو هەریەک ل مالەکێ بژین یان بخوە پێک ئینانا خێزانەکادی بگەریت لدیف رێکا دروســـت : لەیلا خانـــێ گوتژی : هندەک جار ژن ژی دبیتە ئەگەر کو ئێکادی لســـەر بهێت چونکە ئەو دشێت مالێ بخوە و زەلامی خوش بکەت کو کەس نەشێت کارتێکرنێ ل وان بکەت و خێزانەکا سەرکەفتی هەبیت ئەو ژی ژن دڤێـــت رێزێ ل زەلامی بگریت و یاگوهداربیت نەک بێژین وەک عەبد بیت بو زەلامی لێ وەسا رێز دناڤبەراواندا هەبیت کو بوشـــایی نەدروست بن بو دروست بونا ئاریشا . چونکە خێزان تشـــتەکێ پیـــرووزە دەما هاتە پێکئینان خلاس چونکە تشتی وان دڤێت ژ ئێک و دوو بزانن دڤێت بەری پێکئینا خێزانێ بیت نەک ل پشتی ئاڤاکرنا خێزانێ ل هێجەتابگەرن ئەڤجا چ ژلایێ ئابوری یان زانســـتی یان دلداری ..ماموســـتا لەیلایێ نمونەک ژی لســـەر ژنەکا ژن لســـەر هاتی ئینـــا کوئەوژی هەر ماموســـتایە گوت : مە ماموســـتایەک هەیە ژنا دوێ لســـەر هاتیـــە لی ئەو دەما بەحســـا خوەدکەت پتر رێزێ ل ئێک ودوو دگرن و کارێ خوەیێ مال و دەرڤەژی ب ئازادی و ســـەرکەفتیانە دکەت بێی کو ژ ئاریشـــە بو دروســـت بن . لێ دیسان ژی ژنەک هەبویـــە دەما زەلامێ وێ ژنا دوێ ئینایی ئەو کریە کرێدار دخانیەکێ دا و خانی بو ژنا دوێ کریە و یا ئێکێ پشـــت گوە ئێخســـتیە. ژبەرهندێ ئەگەر ژ کاودانێن پێتڤی نەبن دگەل هندێ نیمە زەلام ژنا دوێ بینیت .

جڤاکنـــاس ؛حاجی بێســـکی؛ لـــدوور کارتێکرنێن ژن ئینادوێ لســـەر ژنـــا ئێکێ دبێژیت :ل شـــەریعەتی دا یا دروستە دوو ژنابینین تایبەت ئەگەر عوزر هەبن و بوچونا ژنێکـــێ هاتبیتـــە وەرگرتـــن و رەزامەندیا وێ و دیســـان دادپەروەری دناڤبەراون دابیت بڤی رەنگی یادروستە زەلام ژنـــا دوێ بینیت. ژبەرڤێ چەنـــدێ ژی ئەگەر زەلامی بیێ بەرچاف وەرگرتنا ڤان خالان ژنا دوێ ئینا بێ گومان دێ ژنا ئێکێ کـــەرب ڤەبون لدەف چێبیت و دبیت حەزبکەت ژکەربێن زەلامێ خوەدا تشـــتەکێ نەدروست بکەت و داکو زەلامی شـــەرمزاربکەت وەک تولڤەکرنـــەک چونکە ئەڤە

ی مەرجێن خوە هەنە

فرەهی دناڤبـەرا ژنا ئێکێ و زەلامـی داهەبیت چونکە خەلەتـی ب خەلەتیی چارەنابیت و دێ پتر کارتێکرن ل وان بیت. لێ یا دروسـت تر ئەوە ژن و زەلام بەری پێک

ئینانـا خێزانێ بدلێ ئێک بن و هەلبژارتن یاوان بیت لڤی دەمی دێ ب زەحمەت بیت زەلام بشـێت هزرا ژنەکادی بکەت و ئەوێن لدیف دلێ خوە ژنا ئێکێ دئینن کێم ژوان هەنە پەنایێ بو ژنـا دوێ دبەن ئەو ئەف حالەتەنە یان ئەو کەسەنەنە یێن دەولەمەند یان ئەون یێن پشت راست کـودێ دادپەروەرییێ دناڤبەرا واندا کەت. لێ دیسـانژی دبێژم کا ئەو ئەو زەلامێ بشـێت دادپەروەریی دناڤبەرا دوو ژناندا بکەت بەلکو یاوەلی هاتی نەشێت ژنەکێ بتنێ ب دادپەروەری ب رێڤەببەت ئەڤجا بنەدوو دێ یاچاوابیت ! ڤەکولەرێ جڤاکی گوتژی : ئەو زەلامێ دڤێت هەروەکـی خوەبکەت وحەز هەبیت ژنـادوی بینیت یێ خەلەتـە لێ ئەگەر هەر رژدبو بینیـت پێتڤی یە لایەنێ وی ماددی ویێ جنسـی یێ باشبیت و عوزرێن مەشروع ژی هەبن .

موئەیەد بەرەکات ؛ئێک ژماموسـتاییێن زانکویا دهوکێ یە ژلایێ دەروونی بەحس لڤی بابەتی دکەت و دبێژیت :
ژیـان قوناغێـن جودانـە و گرنگتریـن قونـاغ دژیاناهەرکەسـەکێ دا پێـک ئینانـاخێزانـێ یە چونکە دروسـتکرنا خێزانێ پێتڤی یـەکا دەروونی و جڤاکی یە و پێکڤـە ژیانـا ژن و زەلامی ژی گرنگیاخـوە هەیە و بێی ئێک نەشێن چونکەهەردوو رەگەز تەمامکەرێن ئێکن .بەلێ خوشـیا ژیاناخێزانێ تەمـام دبیت دەمێ خێزانێ ئاریشـەنەبن و بێ گومان ئاریشەنابن ئەگەر ڤیان و حەز ژهەڤدووکرن هەبیت و خوەشـیا ژیانـێ ئەوە دووکەس خێزانێ دروسـت کەن ب واتەیا ئێک ژن وەک دایک باب. بەلێ دەمێ ژنا دوێ دهێت ئاریشـە زووردبن ژبەرکو ژن وەک و هـزرو بوچون گەلەک غیرەهەیە ودبیت کەسـێن زوور نێزیکی زەلامێ وێ وەکو دەیک و خویشـک دەمێ زور گرنگیـی ب زەلامـی ددەن ل دوی دەمی ژی غیرە بوچێدبیـت . چونکـە بدیتناوێ دبنە وەکی شـریکەک بوزەلامێ وێ.ئەڤجا ئەگەر ژنادوێ بیت و تایبەت ژنادوێ دبیتە شـریک د هەموو ژیاناوێ دا و ئاریشەیێن دەروونی یێن مەزن دروسـت دبـن و نەحـەزی و خوازیا خێرێ دروسـت دبیت و بێ گومان دەما دلوڤانی وحەزکرن کێم دبیت ژن دێ بەرەڤ دلوڤانیێ و گرنگی پێدانا کەسـێن نێزیکێـن خوەچیـت بەلێ گەلەک جـارا خیانەت دبیتە تولڤەکرن تایبەت دەما ژنا ئێکێ چ کێشـەو چ کیماسی نەبن و گەلەک گرنگە زەلام یێ دادپەروەربیت لێ راستی و دادپەورەری یاب سـاناهی نینە تایبەتی دگەل دوو ژنا و گەلـەک جارا بـو زەوق و مەدحە و مەزناتی زەلام ژنا دووێ دئینن و گەلەک جاراژی بو چافلێکرن.

رێژین نهێلی

ستراتیژیەتی ئافرەتان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا

د.ئاریانا ئیبراهیم

هەرچەندە بەشـداریپێکردنی ئافرەتانی کوردسـتان لە ژیانی سیاسـی کۆمەڵە هەنگاوی ئەرێنی ناوە، بەڵام هێشـتا رێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لە بواری سیاسـییدا کار دەکەن و کاران گونجاو نین لەگەڵ کێشـی واقیعی و راسـتەقینەی ئافرەتانی نیشتەجێبوو لەو کۆمەڵگایـەدا. بە راسـتی زۆر لەو کۆسـپ و تەگەرانەی کە رێگری لە بەشـداریکردنی ئافرەتان بە شـێوەیەکی تەواو و کارا لە بواری سیاسیدا دەکەن، تا ئێستا بەرجەستەن. بۆنموونە دەسـتێوەردانی حکومەتەکان لە پرۆسـەی هەڵبژاردنـەکان یان پەیڕەوکردنی هەڵبژاردنێکـی نا دادپەروەرانە و نەبوونی شـەفافیەت لە پرۆسـەکە بە گشـتی، جگە لەمانەش زۆری ئافرەتان رووبەرووی چالنجی دیکەش دەبنەوە وەک:

– لاوازی پشـتگیری پێویسـت بۆ ئافرەتان بە مەبەسـتی گەیشـتنیان بە شوێنەکانی بریاردان.

– بوونی وێنەی نەرێنی لای زۆربەی سـەرکردە سیاسـی و حیزبییەکان لەسەر ئافرەتان بە گشـتی.– هەڵە تێگەیشتن لە توانا سیاسی و رێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی ئافرەت بەگشتی.

– کەمی زانیارییەکانی ئافرەت بۆ ماف و بەرپرسیاریەتیە سیاسیەکان خۆی بە تایبەت.

– هەژاری کەرەستەکانی پێناسینی کەسـیی ئافرەت بەشێوەیەکی فەرمی، کە دەرفەتی زیاتر پێدەدات بۆ بەشداریکردنی سیاسی. هاوکات لەگەڵ رووبەرووبوونەوەی ئافرەتان لە زۆر لەو کۆسـپ و تەگەرانەی سەبارەت بە تواناکانی بەشداربوونیان لە کاری سیاسیدا، بـەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ دەرفەت لەبەردەمیاندا رەخسـاوە، بۆ خسـتنەرووی رۆڵی راسـتەقینە و کارایان لە بواری سیاسـیدا، وەک زیادبوونی ئاسـتی هۆشیاری کۆمەڵگا سـەبارەت بە گرنگی رۆڵی ئافرەت و ئامادەبوونی سیاسیی. زێدەباری رووچوونی ئاشکرا بۆ حکومەتەکان بەگشـتی بەرەو بەشـداریپێکردنی ئافرەتان لە پرسی هەڵبژاردنەکان و پەرلەماندا. بەڵام بۆئەوەی زیاتر رێژەی بەشـداریکردنی ئافرەت لە پرسـە سیاسیەکان بەرزبکرێتەوە، پێویستە حکومەت و لایەنە سیاسییەکان هەندێ لە چاکسازییەکان ئەنجام بدەن، وەک چاکسازی لە رێکخستنەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، و رێکارییە جیاکارییەکانی ئەرێنی بە هەندوەربگیرێن کە لە بەرژەوەندی ئافرەت بشکێتەوە. هەروەها جێبەجێکردنی ئالیەتـی یـان کارومیکانیزمی تایبەت بۆ پشـتگیریکردنی سـەرکردەکانی ئافرەتان و دروستکردنی توانا و کارامەییەکانی ئەم سەرکردانە، جگە لە پاڵپشتی و جێخستنی رۆڵی میدیا لە خستنەرووی وێنەیەکی ئەرێنی لەسەر ئافرەتی کارا و چالاک لە بواری سیاسی و بەشـداریکردنی لە بریارە چارەنووسازەکان لە گشت کەرتەکاندا. بۆیە ئافرەتان پێویستە خۆیان رێکبخەن بۆ دەستەبەرکردنی بەشدارییەکی کارا لە کاری سیاسیدا:

١. پێویسـتە ئافرەتـان خۆیان رێکبخەن لەنێـو حیزبە سیاسـییەکان و لە دەرەوەی حیزبەکانیش. چونکە رێکخستنی ئافرەتان لەچوارچیوەی بەرژەوەندییەکان لەناو کۆنگرە حیزبییەکان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان یان لە دەرەوەی کۆنگرەکان دەبێتە شارەزاییەکی بە نرخ بۆ ئافرەتان و پێگەیەکی باڵادەسـتیان بۆ دەرەخسـێنێ. هەروەها لەنێو حیزبە سیاسـییەکان بەهۆی ئـەوەی ئافرەتان بەشـێکی زۆر لە کاری سیاسـی دەکەن بۆیە جولەکانیان بۆ باشترکردنی نوێنەرایەتیان دەبێت.

٢. پێویسـتە ئافرەتان هانی حیزبەکان بدەن بۆ دانانی یاساورێسای روون و ئاشکرا بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان.

٣. پەیڕەوکردنی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی باشترە لە سیستەمی نوێنەرایەتی گشتی بۆ زیادکردنی رێژەی ئافرەتان.

٤. پێویسـتە ئافرەتان هەڵسەنگاندن بۆ گشـت وردەکارییەکان هەر پیرەوێکی سیاسی بکەن بۆ دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی بۆ ئافرەتەکان.

٥. گۆڕانکاری لە سیستەمی هەڵبژاردنەکان وا دەکات نوێنەرایەتی باشتر زیاتر سەرکەوێت هەروەها یارمەتی ئافرەتان دەدات لە باشترکردنی ئاستی نوێنەرایەتیان

٦. ئـەو هێزانـەی کە گرنگی بـە نوێنەرایەتی ئافرەتان دەدەن ئەگەر وەکو پێویسـت رێکنەخراون، کاریگەرییەکەشی کەمتر دەبێت.

٧. پەیڕەوکردنی سـتراتیجیەتی باشترکردنی ئاستی نوێنەرایەتی ئافرەتان پەیوەستە بە کاراکردنی دەنگی ئافرەت لەنێو حیزبەکان یان لە دەرەوەی حیزبەکاندا بە گشتی.

هەولێر ژمارە (٣٣٦٣) ٢٠٢٠/١١/١

لە هێلینەوە

– خانمە هونەرمەندێکی کورد بە ناوی "تارا عەبدولا" لە چەند رۆژی رابردوو "پرۆژەی مێینەی" لە شاری سلێمانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، پرۆژەکە بریتی بوو لە هەڵواسینی جلو بەرگی بە یەک دووراوی ئەو ئافرەتانەی توندوتیژیان بەرامبەر کراوە کە درێژیەکەی ٤هەزار و ٨٠٠ مەتر بوو، دەستپێکی لە باخی نالی بوو تا بەردەم دادگای سلێمانی، بە وتەی" تارا" ئامانج لەو پرۆژەیە دەرهێنانی ئازارەکانی ئافرەتە لە چوارچێوەی دیوارەوە بۆ ناو کۆمەڵگە.

– بە پێی لێکۆڵینەوەکان، سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت وێرای ئەوەی پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ ئابووری خێزان، هەستی رەزامەندی دەروونی، بەرزبوونەوەی هەستی بروابەخۆبوون، پتەوبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و چەندین کاریگەری ئیجابیشی بۆ ئافرەت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە ئاستەنگ و کێشەی خۆی هەیە بە تایبەتی ئەگەر بەرپرسیاریەتی چاودێری منداڵ و ئەرکی ماڵداریشی لە ئەستۆ بێت، هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبێ فەرهەنگێکی نوێ لە هاوکاریکردنی یەکتری ژن و مێرد لە کاردا دروست بێت، بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێت لە کاری دەرەوە باشتر رۆڵ بگێرێت و بایەخێکی زیاتری پێبدرێت، تا جموجۆڵ و چالاکی زیاتر بێت هەلومەرجەکان زیاتر لە بەرژەوەندی ئەودادەبێت و ناچار مافەکانیش بە یەکسانی دابەش دەکرێن.

– فاتیمە زولقەدەر، چالاکوانی سیاسی و نوێنەری خەڵکی تاران لە خولی پێشووی پەرلەمانی ئێران لە بارەی خۆ کاندید کردنی ئافرەتان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە کە وا بریارە ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێت رایگەیاند: لە یاسای ئێمەدا هیچ بەربەستێک بۆ بەشداری ئافرەتان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری نییە و دەتوانن خۆیان کاندید بکەن و ئەگەر هەلومەرجی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماریان تێدا بێت دەتوانن بە یەکسانی لەگەڵ کاندیدە پیاوەکان رکابەری بکەن و ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی ئافرەتان توانا و لێهاتوویی خۆیان دەربخەن و واباشترە کە حیزبەکانیش پاڵپشتی ئافرەتە بە تواناکان بکەن.

– راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری دەدات لە بواری نایەکسانی رەگەزی کە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، هەروەها راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە کە لە تەواوی جیهاندا ئافرەتان تەنیا ٢٥٪کورسی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و ئەو رێژەیە لە پیاواندا ٧٥٪ . لەگەڵ ئەوەشدا ڤایرۆسی کۆرۆنا هۆکاری زیادبوونی نایەکسانی رەگەزییە و و دەتوانێ ئەو دەستکەوتانەی کە دەرەنجامی هەوڵی هەمەلایەنە بووە رابگرێت یان پێچەوانەی بکاتەوە،کۆرۆنا بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ٤٧ میلیۆن ئافرەت لە جیهاندا لە ژێر هێلی هەژاریدابن و سیاسەتی کەرەنتینە کردن بۆتە هۆکاری زیادبوونی دیاردەی توندوتیژی خێزانی.

ئا: نەسرین حەسەن

لە کەرکـــــــــــــووك زیاتر لە ١٣٤ حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ٢٠٢٠ تومار کراوە

مهاباد غائب



هەڵۆ جەبار

ئاهەنگ ئەنوەر

لەگەڵ دەستپێکی ١٦ رۆژەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە جیهان، سەرباری هەبوونی یاسای تایبەت بە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەڵام رێژەی تاوان وتوندوتیژی بەرامبەر بەرەگەزی مێنە بەردەوام روو لە هەڵکشانە.

پارێزگای کەرکووک بەدەر نیە لەو شوێنانەی کە رێژەی تاوان وئازاردانی ئافرەت تێیدا ساڵ بەساڵ زیاد دەکات و ئافرەتانی قوربانیانی توندوتیژی بەرەو زیادبوون دەچێت. بەپێی ئامارەکانی بەشی توندوتیژی خێزانی لەکەرکووک لەماوەی ئەم ساڵدا ١٣٤حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان تۆمار کراوە وحاڵەتەکانیش لەزیادبووندان.

لەم بارەوەیەوە ئاهەنگ ئەنوەری پارێزەر لە دادگای کەرکووک دەڵێت : لەماوەی رابردوو ١٣٤ حاڵەتی توندوتێژی دژبە ئافرەتان لەکەرکووک تۆمار کراوە، ئەمە بەدەر لە حاڵەتەکانی کوشتن وسوتاندن .هۆکاری زیاد بوونی حاڵەتی توندوتێژی بەرامبەر بەئافرەت گەڕاندەوە بۆ خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی لە کەرکووک وخراپی دۆخی سیاسی وئابووری لەعێراق، ئەمانە هەموو پێکەوە کاریگەریان هەیە و لە سەرووی هەمووانەوە جێبەجێنەکردنی یاسا وەکو خۆی. سەبارەت بەو توندوتێژیانەی بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت لە کەرکووک پارێزەر ئاهەنگ ئەنوەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو توندوتیژییانە بە جەستە، دەروونی، دەستدرێژی و بێبەشکردن لەخوێندن کە تا ئێستا ماون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەروەها هۆکاری زیادبوونی خۆکوشتنی ئافرەتان لە کەرکووک گەراندەوە بۆ کەمی ئاستی هوشیاری لە کۆمەڵگەدا.

دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت باشوری کەرکووک لەدوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەرەو خراپی دەچێت بەتایبەت رێژەی توندوتێژی لە هەموو بوارەکان زیادی کردووە.

مهاباد غائب، بەرپرسی پێشوی قەزای داقوقی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئاماژە بەزیاد بوونی حاڵەتەکانی توندوتێژی دەکات لەشارۆچکەی داقوق و دەڵێت لەداقوق ئەو ئافرەتانەی توندوتیژی بەرامبەر کراوە هەندێک جار کپکراوە یاخود لەلایەن پۆلیس وهێزە ئەمنییەکان لەو ناوچەیە بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی نادرێت تاکو کاری لەسەر بکەن ویارمەتی ئەو ئافرەتانە بدرێت کە پێویستیان بەیارمەتییە هەر بۆیە رێژەی توندوتیژییەکان لە داقوق و دەوروبەری کەرکووک لە زیادبوونە بەهۆی نەبوونی رێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتان لەدوای ١٦ی ئوکتوبەری٢٠١٧ وە.

هەڵۆ جەبار راگەیاندکار لە شاری کەرکووک باس لەتوندوتیژییەکان دەکات دژ بەرەگەزی مێ لەکەرکووک وئاماژە بەحاڵەتێکی کوشتنی ئافرەتێک دەکات لەکاتی دووگیانیدا لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی کەرکووک روویدا کە بەهۆی پێدانی دەرمانی هەڵەوە ئافرەتەکە گیانی لەدەستدا وهیچ کەس ولایەنێکیش لەو کەیسە دەستگیر نەکراوە.

هەڵۆ جباری لەسەر خراپی مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتانیش دەڵێت: پێویستە رێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتان وژنان وکچان لەرێگای کۆر وسیمینیارهۆشیاری بدەن بەئافرەتان وخێزان تاکو رێژەی توندوتیژی کەمبێتەوە.

ئارین عەبدولخالق

ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org

شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org